# سیاسەتمەدارێکی کورد یەکەمجار ئوتومبیلی هێناوەتە عێراقەوە

زۆربەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان باس لەوە ئەکەن یەکەم ئۆتۆمبیل کە هاتۆتە عێراقەوە سیاسەتمەداری دیاری کورد حەمدی پاشای بابان لەساڵی ١٩٠٨هاوردەی کردووە.

هەرچەندە هەندێ سەرچاوە باس لــەوە ئــەکــەن کــە شـۆفـێـرێـك بەئوتومبێلەکەیەوە لەحەڵەبەوە لەساڵی ١٩٠٥ هاتۆتە عـێـراقـەوە، بـەڵام هیچ لەبارەی ئەم ئوتومبێلەوە نازانرێ، جگە لەوەی رەنگە لەجۆری ئۆلدزمۆبیل بووبێ


دکتۆر عەلی وەردی

و دەنگە دەنگێکی زۆریشی لێهاتووە، لەژێر تیشکی هەتاودا بریقەی داوەتەوە، بەجۆرێك هەندێ کەس وایانزانیوە رۆژی قیامەتە.

پێئەچێ ئـەم ئوتومبیلە هەمان ئوتومبیلەکەی حەمدی پاشای بابان بووبێ و لە سوریاوە هاتبێ. بەڵام ساڵی ١٩٠٨ نـەوەك ١٩٠٥ و بۆتە مایەی سەرسوڕمانی رێبوارانی سەرشەقامەکانی ئەوسای بەغداد.

لێکۆڵەری گەورەی عێراق دکتۆر عەلی


ئوتومبیلەکەی حەمدی پاشای بابان

وەردی سەبارەت بەم ئوتومبیلەی حەمدی بابان ئەڵێ: لەساڵی ١٩٠٨ دا یەکەم ئوتومبیل لەحەڵەبی سوریاوە هاوردەی عێراق کرا. بۆ بینینی ئەم ئوتومبیلە خەڵکی بەغداد ڕژانە سەرشەقامەکان هەروەك ئەڵێ هەندێ کەس سەیری ژێری ئوتومبێلەکەیان ئەکرد بۆ ئەوەی بزانن ئەو ئەسپەی رایئەکێشێت لەکوێ حەشار داوە، چونکە پێیان وابوو ناکرێ ئامێرێك هەبێ خۆ بەخۆ بڕوات، بێ ئەوەی ئەسپ رایکێشێت.

وەردی لەشوێنێکی تردا ئەڵێ: لەهەندێ سەرچاوە باس لەوە ئەکەن جاوید پاشا حاکمی ئەوسای عوسمانی لەبەغداد لەساڵی ١٩١٢ ئەم ئوتومبیلەی بەکار هێناوە بۆ هاتوچۆکردنی لەناو شاردا،. هەروەك باس لەوە ئەکات لە رۆژی ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤ دا بەم ئوتومبیلە سەردانی ناوچەکانی ناوەڕاستی کردووە، کە تەنها ئوتومبیل بووە خەڵکی ئەو ناوچانە بینیبێتیان. بۆیە شۆفێرەکە بەنزین و پێداویستی ئوتومبیلەکەی ئەناردە وێستگەکان، پێش ئەوەی بگاتەجێ. هەروەك وەردی ئەگێڕێتەوە کاتێك جاوید پاشا بە ئوتومبیلەکەی لەساڵی ١٩١٤چووە بۆ نەجەف داوای لەیەکێك لەپیاوماقولانی ناوچەکەی کردووە لەگەڵیدا سەرکەوێ بۆ پیاسەیەك تا دەرەوەی شار، بەڵام دوای ئەوەی کابرا جوان سەرنجی ئوتومبیلەکە ئەدات ئەڵێ: من خێزاندارم نامەوێ بەدەستی خۆم، خۆم ماڵ وێران بکەم، لەبەرئەوە سواری ئەم شتە نابم.

## لۆری تەختە

جۆرە پاسێکی تەختە هەبوو تا هەفتاکانی سەدەی رابردوو بەکار ئەهات. تا ئێستاش لەهەندێ شوێنی بەسرە



پاسی تەختە، کە پێیان ئەوت لۆری،  تا ئەمڕۆش لەهەندێ شوێنی بەسرە بەکاردێ

ماوەو بەکار دێ. وەردی لەدرێژەی باسەکەیدا ئەڵێ: پاشتر بازرگانێکی جولەکە ناوی مەشعەل بوو هێڵێکی گواستنەوەی گەشتیاری لەنێوان بەغدادو بەعقوبە کردەوە کە ئوتومبێلی درێژی جۆری لۆری تیادا بەکار ئەهێنا. ئەم ئوتومبیلە دوو ریز کوشنی درێژی تیابوو، ژمارەی هەموو ئوتومبیلەکان تا کاتی دەستپێکردنی یەکەمین جەنگی جیهانی لەساڵی ١٩١٤ دا نەگەیشتە ١٢ ئوتومبیل. شایانی باسە ئەوپەڕی خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ ئەم ئوتومبیلە لەناوشاردا ١٥ کلم و لەدەرەوەی شار ٢٥ کلم لەکاتژمێرێکدا. ئەم خێراییەش زۆر زۆر بووە بۆ ئەو کاتە.

## ئوتومبیلی قجمە

ئەم ئوتومبیلە لەپاشماوەکانی سوپای بریتانیا بوو، لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهان تا ئەمڕۆش ماوە لە پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست کاری پێ ئەکرێ.

ئەو دەمە، مۆڵەتی شۆفێری نەبووە، هیچ کەس ئەم مۆڵەتەی دەرنەکردووە تا راگەیاندنی یاساکانی هاتووچۆ لەساڵانی سیەکانی سەدەی رابردوودا.



قەجمە، پاشماوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی